شیعرێکی مامۆستای بەڕێز جەلال مەلەکشا

لەگەڵ ئاواتی سڵامەتی بۆی:

**کاروان!کاروان**

کێ نوستووە؟ کێ بێدارە؟

ئەم ڕێگایەی پێدا دەچن،

هەر ڕێگا کۆنەکەی پارە

دەور و بەرتان گورگە لوورە

چەقەڵ کاسەی سەر و گۆشتی دڵتان ئەخوا

ئەوەندە تاریکی چڕە، جندۆکە کۆرپەتان دەدزێ، پێ نازانن

چاوتان لە ناو تاریکیدا تا ئەم خوارە هەتەر ناکات

بیرتان ئاسمانێکی تەسکە

هێندە بەرچاوتان تاریکە

نازانن ڕۆژ لە ئاسۆی کام پێدەشتەوە سەر هەڵدێنێ

هەر بە تەشیە کۆنەکەتان دەیڕێسن و لە بیری نوێ سڵ و سرکن،

هەر ئەڕۆن و هەر بە ناقی قووڵی زوڵمەتا ڕۆ دەچن

چراکانیش کز ئەسووتێن

هێندێ چرایش چاوی گورگن

کاروان! کاروان!

هۆ کاروانی سەر لێ شێواو!

لە شەوگاری ئەنگوستە چاو

گۆچانی شك دەلاقەیەك ناکاتەوە

مەشغەڵ مەشغەڵ،

مەشغەڵی بیر ،چرای ئەندێشەتان هەڵ کەن

ڕێگا و ڕەوتێ هەنگاوەکانتان بگۆڕن

ئەم ڕێگایەی پێدا دەڕۆن، زۆر کاروانی پێدا ڕۆی و نەهاتەوە

کاروان! کاروان!

بۆ کوێ دەڕۆن!؟

ئەم هەورازەی وەك مێرووولە پێیدا ڕێچکەتان بەستووە

دەتانباتە هەڵدێرەکەی ساڵی پێشوو

ئەو بنارەش وا بە ئێسك و کاسەی سەرتان داپۆشراوە

دەگاتەوە بەفرەچاڵی کلیلەی ڕندوو

کاروان! کاروان!

ڕێگای تازە بدۆزنەوە!

کاروان! کاروان!

ڕێگای تازە بدۆزنەوە!